# گۆرانیەک بۆ عیشق

بەندی عەلی

تەمەن دێت و تەمەن دەڕوا
وەلێ تۆ هەر لەناخم دای

خەزانەو گوڵ هەمووی پەروا
گولّم تۆ هەر لەباخم دای

بینابیم تینی لێ ببڕێ
زەمەن تانەی لەسەر ناوە

شۆڕەبی دڵ کەمەدلولە
حوزن چۆکی پێ داباوە

ئەوەی زەریانی هیچ وەرزێ
بەدەنکێکی زەفەر نابا

پیرۆزەی عیشقی بێگەردە
دوڕو مەرجانی نایابە

منیش پرچم بەفر ئەگرێ و
ئەڵێم چەندی سەفەر ماوە

تەمەن بۆ دوا وێستگە ئەڕواو
تازە من دێمە دونیاوە

پێم ئەڵێن، ئەهلی بێ مروەت
کەتۆ سەرداری شێتانیْ

بەسەزمانن کە نازانن
گولّم تۆ دین و ئیمانی
ئەپرسن لێم، ئەزانی کێ
ئەدا حوکمی ئەزەل، فانی

ئەڵێم خۆتان یەخەی گرتوون
یەقین و شەک ،پەشیمانی

لەچاوت عەتری حەز ئەڕژێ
لە کوڵمت شەونمی شادی

لە لێو بادەی ماچێکی تەڕ
لە گەردن ، گەردن ئازادی

بەخورپەی نەرمی چرپەی تۆ
سەمای عیشقی بەر مۆم ئەکەم

شەوی یەڵدای گوڵ پەرستی
پەپوولەم،زیکری خۆم ئەکەم

ئەگەر جارێ شنەی عومرم
بەناچاری کەمی هانی

ئەبێ هەر یادی تۆی تیابێ
خەزێنەی دڵ بەپەنهانی

کەتەنیا شاری حەسرەت بم
لەپێ دەشتی چۆڵی ژینا

گوڵم هەر تۆم لە باوەش بی
بۆ من ئازادی بارینە

جێم مەهێڵە،جێم مەهێڵە
بۆزریان و بۆ ڕەهێڵە
کەمن بێ تۆ پەڕەندەم و
ئاسمانی فڕینم لێڵە

بەتەنیا،باخی ئەم عومرەم
بەخاوەن بەرهەمێ نابێ

هەواری حەز گەلێ دوورەو
سەفەر بێ هاوخەمێ نابێ

کەمن بەرگەی هەجر نەگرم
ئیتر بۆچی لۆمە بکرێم

کەبەرئەنجامی بوونت بم
چ پێویستە بزانم کێم

ئەگەر ڤینۆس خۆرەتاو بێ
تۆ تریفەی مانگەشەوی

کەجوانی ئەو بێ هاوتا بێ
تۆ کچە جوانەکەی ئەوی

وەلێ ئازیز ئەم ژیانە
دۆزەخێکی سەرەو ژوورە

لەگەڵ ژانی بێ پایانا
سەیرە عیشقیش بێ سنوورە

گوڵێ خۆمان ئەیڕوێنین
وەلێ خۆمان بۆنی ناکەین

دەستی گوڵڕن ئەیفڕێنێ و
مەرجە ڕۆژێ دڕکی پیاکەین

دەنا ئەم جەنگەڵە ئازیز
بەگوڵزاری عیشق نابێ

دەنا نەنگە،وەها ئازیز
عیشقی ئێمەش بێ بەڵابێ